

# ئۆتۆمبێلێک لە شێوەی (قەنەفە)

لە لاتان سەیر نەبێت رۆژێک دادێت نان دەخۆیت و لە رێگادا دەرۆیت، ئەمە بیرۆکەی پیاوێکی بەریتانی تەمەن (٣٨) ساڵەیە، کە ناوی (ئێدوارد شین)ە، کە بەم بیرۆکەیەی توانی قەنەفەیەکی دانیشتن درووست بکات لە شێوەی ئۆتۆمبێل کە خێرایی (١٢٠) کیلۆ مەتر دەبڕێت لە کاتژمێرێکدا..
(کوسالۆڤا) ناوی ئەم قەنەفە- ئۆتۆمبێلەیە، ماوەی نزیکەی (٦) هەفتەی خایاند تا دروستکرا، ئەمەو بە هۆی بزوێنەرێکی تایبەتەوە دەڕوات و لەگەڵ بوونی کەرستەی قەنەفە وەک (گوڵ و جێگەی ئاو، ئەوانەی لەسەر قەنەفە دادەنرێت) بۆی ئامادە کراوە. ئەمەش وێنەی ئەم پیاوەیە کە قەنەفە-ئۆتۆمبێلەکەی دروستکردووە..

## سەیر و سەمەرە

– ساڵانە لەسەر زەوی نزیکەی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار بوومەلەزە روودەدات و زۆربەی ئەم بوومەلەرزانەش لە بیابان و زەریاکان روودەدات..

– لە سەردەمی میسرە کۆن دا، واتە سەردەمی فیرعەونەکان هەفتەیان جیاواز بوو لە هەفتەی ئێستا بەپێ ژمارەی رۆژەکان، لەو سەردەمە هەفتەیەک (١٠) رۆژ بوو لە لای ئەوان..

– نەعامە تەمەنێکی درێژی هەیە وەک تەمەنی مرۆڤ، کە نزیکەی (٧٥) ساڵ دەژییێت.. هەر لە تەمەنی بچووکییەوە تاوەکو ئەو کاتەی دەمرێت دەتوانێت زاوزێ بکات و زیاتر بێت..

– هەروەکو چۆن مار پێستەکەی دەگۆڕێت، بەم شێوەیە ددانەکانی دەگۆرێت و کە ماوەیەک ئەم ددانانەی دەبێت و دەکەوێت، بۆ ماوەیەکی کەم ددانی دیکەی دێتەوە و وەک ددانەکانی پێشوو..

– لە ساڵی (١٩٥٤) جۆرە کۆمپیوتەرێک درووستکراوە بۆ کاری چاپەمەنی رۆژنامەگەری کە درێژییەکەی گەیشتبوو بە (٢٧) مەتر و کێشەکەشی بۆ (٣٠)تەن، کۆمپیوتەری ئێستاش ناگاتە (١٠) کیلۆ..

# ئەمانە مرۆڤن یان لاستیک؟!!!

ئەم دوو کوڕە گەنجە و ئەو کچە، خاوەن سەیرترین جەستەی نەرمن! بۆیە خاوەن توانایەکی زۆر سەیرن لە جووڵە کردن بە جەستەیان وەک ئەوەی لە (لاستیک) درووستکرابن نەوەک لە گۆشت.. ئەم توانایەش بریتییە لە سوڕاندنەوەی دەست و قاچ و مل بۆ چەندین لایەن، هەروەها چەماندنەوەی لەشیان بۆ چەندین لایەن..
کچەکە ناوی (ریبیکا)یە تەمەن (٢٦) ساڵە و هەر لە منداڵییەوە جەستەی بەمشێوەیە درووست بووە و تا ئێستاش چەندین نمایشی سەیری ئەنجامداوە، نەرمی جەستەی لە دوو کوڕە گەنجەکەی دیکە زیاترە.. یەکێک لە کوڕەکانیش خەڵکی وڵاتی نەمسایە و ناوی (مێرکل)ە، ئەوەی دیکەش خەڵکی بەرازیلە.. لەم لایەنەوە ئەم (٣) کەسە دەسنیشان و پاڵێوراون بۆ بەشداریکردنیان لە فیلمی (جاڵجاڵۆکە بەشی سێ) (Spider man-3 ) ...











## گۆلکێکی (٦) قاچی (نێر و مێ)!!

لە شارۆچکەی نەبراسکای ئەمەریکی، (گۆلک)ە مانگایەک بووە و لە گۆلکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی (٦) قاچی هەیە لە جیاتی ئەوەی (٤) قاچی هەبێت، واتە (٢) قاچی زیادەی هەیە.. جگە لەمەش دوو کۆئەندامی (زاوزێ)ی هەیە، یەکێک بۆ مێ و ئەوەی دیکەش بۆ نێر.. واتە دوو گۆلکی (نێر و مێ) لە زگی گۆلکی دایک یەکیان گرتووە و بۆتە یەک جەستە، کەسیش نازانێت ئەم گۆلکە نێرە یان مێ!!!!
هیچ بارێکی خراپی تەندروستی لەسەر ئەم گۆلکە نییە و، بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەژییێت، کێشی (٣٨) کیلۆگرامە، ئەمەش یەکێکە لە سەیر و سەمەرەکانی گیانداران بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ..

## نوکتە

– جارێکیان لە (مانگا)ەیەکیان پرسی، هیوا و ئاواتت چییە لە ژیان؟....
ئەویش گوتی هەموو هیوا و ئاواتم:
تەنیا جارێک لە پێشەوەی پیکاب (تۆیۆتا) سواربم، هەموو جارێک دەبێ لە پشتەوەی پیکاب بم !!!

– کوڕێکی کەم ئەقڵ، رۆژێکیان تاوەکو هێزی هەبوو لە دایک و باوکی خۆی دابوو..
لە کوڕەکەیان پرسی بۆ لە دایک و باوکت داوە؟؟
ئەویش گوتی : هەستم دەکرد دایک و باوکم، پەیوەندییان هەیە و بەیەکەوە دەخەون!!!



بۆ زانینی ئاستی زیرەکایەتیت لە ماوەی خولەکێک ئەم چەند جیاوازییە بدۆزەوە

## ٣/٢١-٤/١٩ (کاوڕ)



ئەم رۆژانەت گونجاوە تا زیاتر لەگەڵ هاورێکەت نزیکتر بیتەوە، کەسێک دەبێتە هۆی خۆشی بۆت و مەهێڵە ئەم کەسەت لێت بڕوات، هەست بە شکانەوە مەکە و لەم هەنگاوەی ئێستات سەرکەوتنت بۆ دەبێت و پەشیمان مەبەوە. لە کارەکانت لەگەڵ کەسێک دەبێتە گرفتت و چاکترە لێ دوور بیت.

## ٤/٢٠-٥/٢٠ (گا)



بە پەلە بریار و قسە مەکە لەسەر کەسی دیکە، شێوەی گونجادنێکی چاکت هەیە لەگەڵ دەوروبەرت، لەگەڵ کەسی دڵت هەنگاوی چاکتان بڕیوە و داهاتووتان باش دەبێت. کارێکی گرنگ چاوەڕێتە و بە هەڵە لە کەسانیماڵەوەت مەگە و دڵت گەورە بێت بۆ کێشە و گرفتەکانی ماڵەوە.

## ٥/٢١-٦/٢٠ (دووانە)



کەسێک دەیەوێت گرفتێکی گەورەت بۆ درووست بکات، بەڵام سەرناکەوێت و چونکە نایەوێت لە ئاستی ئەو بەرزتر بیت. ئاگات لە بواری هەست و سۆز بیت و مەهێڵە بەرەو ناخۆشی بڕوات چونکە بڕیاری کۆتایی لەلای تۆ دەبێت نەک کەسی بەرامبەر، ماوەی دێت خۆشە بۆت.

## ٦/٢١-٧/٢٢ (قرژاڵ)



پابەند مەبە بەم کەسەی نزیکت کە یارمەتیت بدات لە کارەکانت، چاکترە خۆت چارەسەر بیت بۆ کارەکانی خۆت، بەرەو پێشچوونێکی باشت کردووە و مەهێڵە کاریگەری کەسی دیکەت لەسەر بمێنێت، ئەم بڕیارانەی بەم دواییەت بەرەو ئەنجامێکی باش دەچێت، لەگەڵ نیازی خۆشەویستت تێبگە.

## ٧/٢٣ -٨/٢٢ (شێر)



کەسێک قسەی نا درووستی لەسەر تۆ کردووە و لێ دڵتەنگ مەبە، دوور کردنەوەت لەو کەسە زیاتر خۆشیت بۆ درووست دەبێت، لەم ماوەیە بۆ کاتێک دڵ تەنگ دەبیت و بەڵام چارەسەر بۆت دێت، لە لایەنە خراپەکانی خۆت مەڕوانە و بزانە کە کارە چاکەکانت بۆت سەرکەوتنە.

## ٨/٢٣ -٩/٢٢ (گوڵە گەنم)



چاکترە لەگەڵ دڵت راست بیت و بە تایبەت لەم کاتانەی هەست بە دڵتەنگی دەکەیت. چونکە چارەسەری دڵ لەلای خۆت دەبێت، لە ناکۆکی لەگەڵ کەسێکی نزیکدا نهێنییەکی چاکت بۆ ئاشکرا دەبێت، کارێکی چاکت بۆ خۆشەویستت ئەنجام داوە و ئەویش دەیەوێت خەڵاتێکت بۆ بکات.

## ٩/٢٣-١٠/٢٢ (تەرازوو)



ئەوەندە بە خێرایی هەنگاو دەنێت بۆیە تووشی هەڵە و گرفت دەبیتەوە، کەسێک ناتوانێت لەگەڵت بگونجێت ئینجا دەیەوی کێشەت بۆ درووست بکات، هەر کارێکت بۆ کاتێکی دیاری کراو ئەنجامبدە، دەتەوێت بە خێرایی هەموو شتێک ئەنجام بدەیت، ئەمەش لەگەڵ کاروباری تۆ ناگونجێت.

## ١٠/٢٣- ١١/٢١ (دووپشک)



پەیوەندیە سۆزەکانت بەرەو باشتر رۆیشتووە و ئەوەش بە هۆی بیرکردنەوە چاکەکانی تۆیە، رێگەیەکی نەرم بگرە لە بڕیاردانت لەسەر هەر کەسێک نەوەک دوایی لێوەی پەشیمان بیتەوە. لەم ماوەیە هەندێک لە بواری هەست و سۆزەوە دوور بە، تاوەکو گرنگی بە لایەنەکانی دیکە بدەیت.

## ١١/٢٢-١٢/٢١ (کەوان)



نیگەرانیت لەوانەیە چەند کێشەیەکی تەندرووستیت بۆ درووست بکات، ئاگاداری بواری هەستەکانت ببە و کۆنترۆڵی بکە چونکە دەبێتە گرفت بۆت. گرنگی دانت بەو کەسە مانای ئەوە نییە ئەو بۆت زیاتر دێتە پێش، چاکترە لێوەی دوور بیت و تاوەکوگرنگی زیاترت پێتبدات.

## ١٢/٢٢- ١/١٩ (گیسک)



لەکاتێکدا بێدەنگ ببە کە پێویستە قسەکانت لە جێگەی خۆی نەبێت، لەگەڵ کەسانی نزیکت بە کراوەیی و ئاشکرایی مامەڵە بکە، ئەگینا دەبێتە هۆی نەمانی متمانە نێوانتان، ئەگەر کەسێک داواکاری لێت کرد بۆی جێبەجێ بکە بەڵام دەبێ بۆ تۆش باش بێت و زەرەری نەبێت، هەستەکانت دەربخە.

## ١/٢٠-٢/١٨ (گۆزە)



چاکترە کارەکانت پشتگوێ نەخەیت و لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت بگونجێن و مەهێڵە کاتە خۆشەکانت بڕوات، کارەکانی خۆت قوربانی کەسێک مەکە، کە بەرژەوەندی تۆی ناوێت، رێگەیەکی ئاسانت لە پێشە تاوەکو لەگەڵ ئەو کەسە بگەرێنەوە سەر حاڵی جاران، گرنگی بە خۆت بدە.

## ٢/١٩- ٣/٢٠ (نەهەنگ)



دەتوانیت چەند گۆڕانکارییەکی تەواو لە ژیانت بکەیت و هەروەها ئەم ماوەیەی رابردوو چەند ناخۆشیت لێوە بینی، بۆیە ئەوانەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت بۆ کاتێکی دیکە دوابخە، شێوازێکی جوانت هەیە لە رەفتارکردنت لەگەڵ ئەو کەسە کە دەتەوێت بۆت بێتە پێش، نهێنییەکانت بپارێزە.

ئیوان گەردی
iwan_gardi@yahoo.com